# بناخەکانی عیلمی سیاسەت

## بەشی یەکەم، پێناسەی سەرەتایی

نووسینی عەبدولرەحمان عالم

وەرگێڕ: ب ـ پەژار

بیر و ئەندیشەی سیاسی لە سەردەمی کۆن، لە یونانەوە سەری هەڵدا. بەڵام عیلمی سیاسەت وەك بەشێك لە خوێندنی بەرز و ئاکادیمی، تا ڕادەیێك نوێ یە و لە چەند ساڵی ڕابردوودا پەرەی سەندوە. لە ڕابردوودا، لێکۆڵینەوە و گرینگی دان بە عیلمی سیاسەت تەنیا بە دەست شازادەگان، سیاسەتمەداران، فیلسوفەکان و خقوق ناسەکان بوو. خەڵك لە کار و باری گشتی دا بەشدار نەبوون، کاریان بە سیاسەت و ڕادەربڕینی سیاسی بە شێوەی کاریگەر نەبوو.

بە سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیموکراسی نوێ و ناسیۆنالیسم (نەتەوەگەرایی) قۆرغ کردنی عیلمی سیاسەت لە دەست دەستەیێکی دیاری کرا و کۆتایی پێ هات و سیاسەت بووە تێکڕایی.

پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی خوێندن و بارهێنان بووە هۆی پەرەگرتنی زانیاری و ئاگاداری سیاسی تێکڕایی و خەڵك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەشداری کار و باری سیاسیان دەکرد و هیچ سیاسەتمەدار و روناکبیرێك نەیدەتوانی گرینگی بە جەماوەر نەدا. ڕای گشتی خەڵك گرینگی زۆری پێ دەدرا، بەو پێ یە نەتەنیا حکومەتەکان تەنانەت ڕێکخراوە سیاسیەکان هەوڵی زۆریان دەدا تا کاریگەریان لە سەر ئەو هەل و مەرجە هەبێ. کربوونەوەکان و ڕێپێوانە بەرینەکان بوونە پێناسەی لایەنە سیاسیەکان. ڕێکخستنە حیزبیەکان پەرەیان سەند و حیزبەکان هەوڵیان بوو لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەون و لە خولی نێوان هەڵبژاردنەکاندا بۆ کۆکردنەوەی لایەنگری زیاتر بە مەبەستی پروپاگەندەی بەربڵاو تێ بکۆشن.

تەنیا لەو ڕێگەوە حیزبە سیاسیەکان توانیویانە بگەنە دەسەڵات و بە کردەوە و بەرنامەکانیان جێ بە جێ بکەن، و ببنە هۆی دیموکراتیك بوونی زیاتری سیاسەتی عیلمی. روانگەی سیاسی ناتوانێ ئەو هەل و مەرج و وەزعەی کە باس کران لە بەرچاو نەگرێ. هەر بۆیە، ئەمرۆ ئەوە دەگوترێ کە تەواوی ئیقتدار و توانای سیاسی بۆ جەماوەرە و دەسەڵاتی سیاسی دەبێ لە خزمەت قازانج و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا بێ.

مەعریفە و بیری سیاسی ئێستا کاری بە بەراورد کردن و ناسینی ناوەندە جۆراوجۆرە سیاسیەکانە، تا بۆی دەرکەوێ ئەو ناوەندانە دەتوانن قازانجەکانی جەماوەر دابین بکەن یا ناتوانن. لە ئێستادا بیری سیاسی تەنیا بۆ پڕکردنەوەی کاتی بێکاری ئەو کەسانە نیە کە دەوڵەمەندن و توانایان هەیە، بەڵکوو بۆتە کاری تێکڕای ئەو کەسانەی کە هۆگری سیاسەتن و گەرەکیانە لە سەر سیاسەت ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕن و ناوەندە سیاسیەکان شرۆڤە بکەن.

دیارە لە لێکدانەوەی سیاسەتەکان و خوێندنەوەی عیلمی سیاسەت کەند و کۆسپی گەورە هەیە. هەروەك (یلینك) بەروونی باسی کردوە، هیچ عیلمێك بەڕادەی عیلمی سیاسەت پێویستی بە ووشەی زانستی ورد و تۆکمە نیە. ووشە زانستیەکانی ئەم عیلمە مەعنای دەقیق و روونیان نیە و بایەخی زمان ناسین، بەکارهێنانی گشتی و تێ گەیشتن لە ووشە زانستیە عیلمیەکان بە زۆری جیاوازیان هەیە و دەبنە هۆی سەر لێ شێواوی و دەبنە هۆی ئەوە کە عیلمی سیاسەت دەقییق و روون نەبێ.

لە پێوەند بە ووشە زانستیەکانی دیکەی زانستی کۆمەڵایەتی ئەو سەر لێ شێواویە کەم تا زۆر دەبیندرێ، بەڵام عیلمی سیاسەت بە شێوەیێکی تایبەت کەوتۆتە بەر هێرشی قسەی زل زل و ووشەی ناڕوون. کاتلین، پێی وایە کە باسی ووتووێژە سیاسیەکانی عیلمی سیاسەت، تا ڕادەیێك ئەو کەم و کووڕیەی لە فەرهەنگی دێرین و مێژوویی خۆی بۆ بە مێرات ماوەتەوە، بەڵام زیاتر پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو عیلمەی ئێمە لێکدانەوەی لە سەر دەکەین، عیلمێك و زانستێکی زیندووە و لە گەشەکردندایە.

ووشە زانستیەکانی عیلمی سیاسەت بە هۆی ئەوەی لە بەر دەستی ڕای گشتی دایە و تێکڕاییە، پاکی و بێ گەردی خۆی لە دەست دەدا و تووشی ناڕوونی و نادیاری جۆراوجۆر دەبێ. ژمارەیێك لە سیاسەتمەداران و ماف ناسەکان، گرینگی ئەوتۆ بە هەڵە بەکار هێنانی ووشە زانستیە جیاجیاکانی عیلمی سیاسەت و ئاکامەکانی نادەن، لە ووتەکانیان و نوسراوەکانیان بە کاریان دێنن و دەبنە هۆی ناڕوونی لە مانا و لێکدانەوەکاندا.

لە ڕاستیدا ئەو کەسانە گرینگی نادەن بە بەکارهێنانی درووستی ووشە زانستیە سیاسیەکان، بەڵکوو بۆ کارکردن لە سەردەورووبەر بە کاریان دێنن.

بەو پێیە، مەعریفەی نوێ و بۆچوونی نەبیستراو پەرە دەستێنێ، لە ئاکامدا ووشەی تازە پەیدا دەبێ و هێندێك جار ووشەکۆنەکان لە مەعنای جیاجیا بەکار دەهێندرێن. هەل و مەرجی لەو شێوە بۆ زانست و عیلمێك کە لە حالێ گەشەسەندن دایە ڕێگەی دەرباز بوونی نیە، بەڵام بۆچوونی روون و تێ گەیشتن لێ یان ئاڵۆز دەکا.

سیاسەت ناسان، لە ناڕێکی و دەقیق نەبوونی ووشە زانستیەکان ئاگادارن و هێندێك جار هەوڵ دەدرێ ووشەی عیلمی و زانستیەکان بە باشی پێناسە بکرێن و بە کار بهێندرێن، بەڵام ڕێگەیێکی دوور لە پێشە تا عیلمی سیاسەت لە ئاکامدا خاوەنی مانای دەقیق بۆ ووشە زانستیەکانی بێ.

سەر لێ شێواوی و نەبوونی ڕێکەوتن لە پێوەند بە بەکار هێنانی ووشە زانستیە سیاسیەکان تەنانەت، ناوی عیلمی سیاسەتیشی، گرتۆتەوە. ژمارەیێك لە رووناکبیران و لێکۆڵەرەوان، (عیلمی سیاسەت) بە کار دێنن، بەڵام ژمارەیێکی دیکە، ناوی کۆن و یونانیەکەی واتە (سیاسەت) بە کار دێنن. ئەوە لە کاتێکدایە کە سیاسەت لەگەڵ عیلمی سیاسەت، جیاوازی هەیە. سیاسەت بە شێوەیێکی گشتی لە ژیانی کۆمەڵگادا ووجوودی هەیە، بەڵام دەبێ عیلمی سیاسەت بە شێوەی پەروەردەیی و لە زانستگاکان بخوێندرێ، یان دوور زانستگا فێری بن.

دەستەی سێهەم ناویان لێ ناوە (سیاسەتی ڕادەربڕین) (سیاسی نظری) نەك (عیلمی سیاسەت) دیارە ئەو ناوانەش روون نیە، بەتایبەت ئەو کاتەی کە ووشەی (سیاسەت) واتە ووشەی زانستی باوی یونانی بە کار بێنین کە هەم مانای عیلمی سیاسەتی هەیە و هەم بە خودی سیاسەت دەبەسترێتەوە و سیاسەتی نەزەری و عیلمی لە خۆ دەگرێ.

ووشەی زانستی (سیاسەت) (politics) لە ووشەی یونانی، (پۆلیس) (polis) واتە شارەوە هاتووە. ئەرەستو گووتوویەتی بە حوکمی ئەوەی مرۆڤ (physis) زیندەوەرێکە بۆ ژیان کردن لە (polis) شار دروست کراوە. بە پێی بۆچونی یونانیەکان سیاسەت زانستێکە پێوەندی بە کارو باری شارەوە هەیە، لە یونان شار و دەوڵەت لێك جیانەکراوە بوون. یونانیەکان لەو شوێنانە دەژیان کە ئێمە ئەمرۆ پێ یان دەڵێین شار.

دیارە ووشەی (پۆلیس) لە زمانی یونانی دا تەنیا بریتی نەبووە لە شار بەڵکوو بە مانای (دژ) (دەوڵەت) و (کۆمەڵگا) بە کار دەهێندرا.

حەمیدی عینایەت لە پێشەکی وەرگێڕانی سیاسەتی ئەرەستوو، روونی کردۆتەوە کە، مانای شار لەگەڵ (polis)ی یونانی جیاوازی هەیە. شار، لە لای یونانیەکان واتە جێگەی ژیانی خەڵك کە پێ یان دەگوت (polis.asty) لە سەرەتادا قەڵایێك بوو کە لە نزیك (asty) دروست دەکرا، بەڵام پێناسەکەی گۆرانی بەسەردا هات و بوو بە کۆمەڵگای دامەزراو و خاوەن نەزم و دیسپلین. ژمارەیێك لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن ووشەی پۆلیس لە سەرچاوەکانی شاری ئاتێن، بە مانای کۆمەڵگای سیاسی وەڵاتێك لە پێوەند بە (شەخسیەتی نێودەوڵەتی) وەڵات هاتووە کە لە بەرانبەریدا ووشەی دمووس (demos) (بناخەی دیموکراسی)، بە سەر کۆمەڵگە ناوخۆکانی وەڵاتێك پێوەندی هەبووە.

بەو پێ یە ئەگەر ووشەی پۆلیس لە زمان و ئاخاوتنی یونانی کۆن جیابکەینەوە. ووشەی عیلمی (شار، دەوڵەت) بێ مانا دەبێ. لە ڕاستیدا (سیاسەت) لە مانادا یونانیەکەی، زانستی حکومەت کردن بە سەر شاردا بووە. ئەو مەعنایەی کە (سی لی) لێکیداوەتەوە و سیاسەتی بە (عیلمی شارەکان) ناوهێناوە.

دیارە نابێ ئەو لێکدانەوە و مەعناکردنە بەو شێوە بەراوورد بکەین کە جیهان بینی روناکبیرانی سیاسی یونانی کۆن، ناوچەیی و بەرتەسك بوون. لێکۆڵینەوە سیاسیەکان لە زۆر لایەنەوە قوڵتر و بەرینتر لەو جیهان بینیانە بوون کە لە دوای هەڵوەشانی شار ـ دەوڵەتەکانی رۆمی کۆن هاتنە ئاراوە.

ئەو حاڵی بوونەی ئەمرۆ لە ووشەی (سیاسیەت) هەیە لە تێ گەیشتن لە (عیلمی سیاسەت) بەرەو سەرتر چووە.

لە ئەمرۆدا ووشەی (سیاسەت) ئاماژە بە کاروباری حکومەت و کۆمەڵگا دەکا کە پێناسەی ئابووری و سیاسی یان هەیە.

بە ووتەی (ڕابرت دال) سیاسەت راستیێکی حاشا هەڵنەگری ژیانی مرۆڤایەتیە. مرۆڤەکان لە هەر ساتێك لە زەماندا بە شێوەیێك لەگەڵ مەسەلە سیاسیەکان بەرەوروو دەبن.

تەنیا بە ڕێچکە و رەوتی سیاسیە کە مرۆڤ دەتوانێ هومێدوار بێ ژیانی لە سەر بناخەی تێ گەیشتن و پێ گەیشتنەکان دامەزرێنێ.

(پریکلس)ی یونانی گووتوویە، مرۆڤێك کە کاری سیاسی نەکا نابێ وەك هاوەوڵاتیێکی بێ زیان سەیر بکرێ، بەڵکوو دەبێ وەك هاووەڵاتیێکی بێ کەڵك لێی بڕواندرێ. کاتێك دەگووترێ کەسێك خولیای سیاسەتە، مەبەست ئەوەیە کە ئەو گرینگی بە روداوەکانی وەڵات وەك هەنارده و هاوورده (صادرات و واردات) هەروەها مەسەلە پێوەندی دارەکانی وەك کار و کرێکاران، پێوەندیەکان، دەسەڵات و بەڕێوەبەریی و یاسادانان، هەڵسووڕانی حیزب و سازمانە سیاسیەکان و زۆر مەسەلەی دیکە وەك چالاکی سیاسی ـ ئابووری و فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی دەدا.

بەو پێ یە و بەو لێکدانەوە سیاسەت زیاتر لە عیلمێکە، و سیاسەتمەداریش کەسێکە کە لەو نەوعە روداو مەسەلانەی باس کران، بەشدارە و هەڵسووڕانی هەیە و بڕیاردەدا، هەر چەندە لەوانەیە تێ گەیشتن و پێناسەی تەواویشی لە بنەڕەتەکان و سەرچاوەکانی عیلمی سیاسەت نەبێ.

لە کاتێکدا عیلمی سیاسەت زانیاری و ئاگاداری هاوبەشی مرۆڤەکان لە تێکڕای کۆمەڵگاکانە، بەو جۆرەش سیاسەتی وەڵاتان جیاوازیان لەگەڵ یەك هەیە. بەو پێ یە هەم مەعنای زمان ناسی و جیاوازی لێکدانەوەی و هەم بەکار هێنانی گشتی (سیاسەت) بەرینتر لە مەوزوعی درووست و مەوجوودی (عیلمی سیاسەت)ە. بەڵام باشتر وایە بە ئاماژە بە ئاگادار بوون لە زانستی سیاسی، ناوی (عیلمی سیاسەت) قەبووڵ بکەین و بیسەلمێنین. زۆربەی بیرمەندان و لیکۆڵەرەوانی سیاسی بۆ ڕاگەیاندنی زانست و ئاگاداریی هاوبەشی سیاسی (عیلمی سیاسەت) یان هەر (سیاسەت) کە لە مەعنای یونانیەکەی لایەنی نەزەری و زانستی سیاسی هەیە پێ باشترە، یان بە شێوەیێکی دیکە نەزەری سیاسەتیان لەگەڵ عیلمی سیاسەت و لایەنی کردەوەیان لەگەڵ ووشەی سیاسەت باس کردوە

زانایانی سیاسی دیار و بەناوبانگ لە سەرانسەری جیهان، لە سیپتامبری ساڵی ١٩٤٨ لە کونفرانسی یونسکۆ (عیلمی سیاسەت) یان لە جێگەی علومی سیاسی، بۆ بەشی عیلمی قەبووڵ کردوە.

# ٧٩ لەسەدی بەنزینی ئێران لە ئیماراتەوە دابین دەکرێ



ڕۆژنامەی ئەبرار بڵاوی کردەوە، دەوڵەت لە حاڵێکدا خەریکی ئامادەکردنی پێشنیاری دابین کردنی بەنزینە کە ڕژیم لە حەوت مانگی سەرەتای ئەوساڵ لە ٨ وەڵاتی جیهان زیاتر لە ٢ ملیارد و ٥٣٢ ملوێن دولار بنزینی کڕیوە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری حکومەتیی مێهر، لە حەوت مانگی یەکەمی ئەو ساڵ وەڵاتەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، هیند، فەرانسە، هولەند، تورکیە، تورکەمنستان، ئازەربایجان و الجزایر نزیك بە ٢ ملیارد و ٧٠٠ ملوێن لیتر کیلۆ گرام بە نرخی زیاتر لە ٢ ملیارد و ٥٣٢ ملوێن دولار بۆ ئێرانیان ناردوە کە لەو نێوەدا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی زۆرترین بەشی بۆ خۆی تەرخان کردوە. لەو ماوەدا ئیمارات زیاتر لە یەك ملیارد و ٩٩٥ ملوێن دولار بێنزینی بۆ ئێران ناردوە کە ئەو ڕێژەیە نزیك بە ٧٩ لە سەد لە بێنزینی هاوردە لەلایەن رژیمەوە لە خۆ دەگرێ. ڕێژەی بێنزینی هاوردەی رژیم لەو وەڵاتە عەرەبیەوە لە حەوت مانگی یەکەمی ئەو ساڵ لە کاتێکدا گەیشتە زیاتر لە ٢ ملیارد و ١٣٤ کیلۆ گرام کە ئەو ڕێژە لە حەوت مانگی ساڵی ڕابردوو گەیشتە یەك ملیارد و ٥٤ ملوێن دولار. ئەو ڕاپۆرتە هەروەها زیادی کرد: وەڵاتانی هیند بە ٢٠٤، تورکیە بە٩٦ و تورکەمنستانیش بە ٨٢، ملوێن دولار لە دوای ئیمارات زۆرترین بەشیان لە فرۆشتنی بێنزین بە رژیمی ئێران بۆ خۆیان تەرخان کردوە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، لە حەوت مانگی سەرەتای ئەو ساڵ هاوردەی بێنزینی ئێران لە الجزایرەوە گەیشتە ٦٦ ملوێن دولار. ئەو وەڵاتە لەو ماوەدا زیاتر لە ٦٥ملوێن کیلۆگرام بێنزینی بە رژیم فرۆشتووە. وەڵاتانی ئوروپایی هولەند و فەرانسە بە ریز بە ٤٠ و ٣٠ ملوێن دولار لە پلەی شەشەم و حەوتەمی هەناردەی بێنزین بۆ ئێرانن. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە وەڵاتی ئازەربایجان بە فرۆشتنی زیاتر لە ٢١ ملوێن کیلۆگرام بێنزین بە نرخی ١٦ ملوێن دولار کەمترین ڕێژەی هەناردەی بێنزین بۆ ئێرانی لە نێوان ئەو هەشت وەڵاتەی بۆ خۆی تەرخان کردوە.

شایانی باسە لە ساڵی ڕابردوودا رژیمی ئێران لە وەڵاتانی سەنگاپوور، بلغارستان و ئاڵمانیش بێنزینی دەکڕی کە لەم ساڵدا هەناردەی بێنزین لەو وەڵاتانە ڕاگیراوە.

* * *